## پسپۆڕانی ڕۆژئاوایی

لە درێژەی باسی ناساندنی سەرچاوە سەبارەت بە ناوی شاری بۆکان و گوند و چیا و ڕووباری دەور و بەری، لێرەدا چەند سەرچاوەیەک دەناسێنم کە لە وتاری بەنرخی مینۆرسکی (ناوی مغولی شوێن لە کوردستان)م وەرگرتوون. زۆربەی زۆری ئەم سەرچاوانەی وا مینۆرسکی باسیان لێوە دەکات بە زمانگەلی وەک ئاڵمانی و فەرەنسی و ڕووسی نووسراون و من ناتوانم سەریان لێ هەڵێنمەوە. لە لایەکی دیکەوە کتێب و سەرچاوەی کۆنن و بۆ من دەست پێڕاگەیشتنیان هاسان نییە.

ئەوەی پێم دەکرێت و دەیکەم ئەوەیە ناوی سەرچاوەکان لێرەدا ڕابگەیێنم بۆئەوەی خەڵکانی شارەزای ئەو زمانانە ئەگەر لە داهاتوو دا ویستیان، بتوانن بچنە سۆراغیان و بۆ دۆزینەوەی ڕاستی لەمەر ناوی شوێن لە ناوچەی بۆکان کەڵکیان لێ وەربگرن. ئاشکرایە ئەو سەرچاوانە سەبارەت بە ئێران بەگشتی نووسراون و تایبەت بە ناوچەی بۆکان نین، بەڵام هەر ئەوەی مینۆرسکی لە ناو وتاری سەبارەت بە موکریاندا ناوبردەی کردوون دەری دەخات کە بەشی تایبەت بە ناوچەی بۆکانیشیان تێدا دەدۆزرێتەوە.

١. ”Ptolemy “Catalogue of Median Places

واتە : کاتالۆگی ناوە مادییەکان بە گوێرەی "بەتلەمیوس" .

٢. G. Hoffmann, “Auszüge aus Syrischen Akten Persischer“, Märtyrer, ١٨٨٠

٣. .”H. Hübschmann, “Die Altarmenischen Ortsnamen

لەم سەرچاوەیەدا:

,Indogermanische Forschungen, ١٦; ١٩٠٤, ١٩٧ – ٤٩٠”

٤. .Justy, “ Iranisches Namenbuch“; ١٨٩٥

٥. M. Streck, “Das Gebiet d. heutigen Landschaften Armenien, Kurdistan und west Persien“, Zeit F. Assiryologie , ١٤, ١٨٩٩, ١٠٣ – ١٧٢

.x٩ ,٦,٧,٨

سەبارەت بە مێژووی مانناکان:

- Jermiah Li , ٢٧, “The Kingdom of Ararat (Urartu, Minni .”((Manna) and Ashchenaz (Scythians

- Beck W., “Das Reich d. Mannäer“ im Verhandi d. Bert, Gesell F., Anthropologie, ١٨٩٤, ٤٧٩ – ٨٧

- G. Melikishvilli, “Voprosi istorii Maneyskogo Tsartva“, im Vest. Drevney i. “Ocherki po drevney istorii Azerbayjanna, Baku, ١٩٥٦, ٥٧ – ١٦٩

که ئەوەی ئاخریان روانگەی تورک و ئازەرییەکان سەبارەت بە مێژووی ماد و پێش ئەو دەردەبڕێت و پێویستە بە پارێزەوە وەربگیرێت.

Io. Col. E. M. Wright, “Eeight Campains of Sargon“, in Journal of, Near Eastern Studies, II, ٣, ١٩٤٣, ١٧٣ – ٨٥

مینۆرسکی هەروەها ناوی ئەم توێژینەرانەی هێناوە و گوتوویەتی ئەو کەسانە تۆپۆنێمی واتە"وجەتسمیە" ی زۆر کۆنی زنجیرەی زاگرۆسیان لە پەیوەندی سەرچاوە ئاشوورییەکاندا خستۆتە بەر لێکۆڵینەوە :

Billerbeck, Thureau – Dangin, Forrer, E. Speiser, Herzfeld, J. Marguart.